سەید حەکیم: عێراق لەڕووی ئابووری زیانی بەرکەوتوە بەھۆی پەرەسەندنی دۆخی ناوچەکە و سەقامگیریش داواکاری ھەمووانە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز ئەحمەد خەفاجە باڵیۆزی میسر لە بەغدا کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو ولات و ڕکا بەری□□کانی ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە کرا لەگەل ئەو ڕکا بەریانەی لەم قۆناغە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە.

سەماحەتی گرنگی دەولەتێکی وەك میسری لە سیستەمی عەرەبی و ئیسلامی دووپات کردەوە لەبەر ئەوەی کەلتوور و رۆشەنبیری هەیە و داوای کرد خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو ولات بقۆسترێنەوە بۆ ئەوەی خزمەتی هەردوو ولات و بەرژەوەندییە هاوبەش و دۆسێیەکانی هەردوو وڵات بکات، جەختیشی کردەوە لەسەر سوود وەرگرتن لە ئەزموونی میسر لە دووبارە ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنان.
سەماحەتی حەکیم جەختی لە پێویستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری لە ناوچەکە و وەستاندنی پەرەسەندن و گۆڕینی بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن کردەوە، هەروەها ئاماژەی بە زیانەکانی عێراق کرد کە لە ئەنجامی ئەم هەڵکشانە پێی کەوتوە، لە ڕووی دابەزینی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتەوە، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی هەمەچەشنکردنی ئابووری و هەمەچەشنکردنی هەناردەکردنی نەوت کرد لە ڕێگەی هەردوو دەریای سوور و دەریای ناوەڕاستەوە.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم ئاماژەی بە گرنگی سنووردارکردنی چەک بۆ دەوڵەت بەگوێرەی کات و میکانیزمی عێراقی کرد، بەو پێیەی مەلەفەکە داواکارییـەکی عێراقییە و ڕاستییەکی دەستوورییە، ستایشی ئەو هەوڵ و قوربانیدانانەی کرد کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گەڕاندنەوەی خاک و دەوڵەتدا دراون...